Digitally signed by Kurdistan Net
cn=Kurdistan Net, ou=Copyright 2000 Kurdistan Net, All rights reserved, o=Kurdistan Net, c=NL
Date: 2002.06.30 14:17:08 +03'00'
Reason: Kurdistan Net Neti Hemwane

# دوێنێ حامیە و قالاوە،ئەمڕۆ کانیسپیکە،
# سبەینێ قلیاسان وکۆستەی‌چەم و عەواڵ!

**تاهرحسن**

ماوەیەکەحکومەتەکەی یەکێتی نیشتیمانی لەژێرناوی جوانکردن‌و مۆدێرنیزەکردنی شاری سلێمانی‌دا هێرشێکی فراوانی بۆسەر هەزاران خێزانی دەربەدەرو بێ‌خانەولانەوبێ سەرپەنا کەبۆڕۆژ کردنەوەی خۆیان ومنداڵەکانیان،کونجێکیان لەدەرەوەی شار دروست کردووە،یان ئاسەوارە ڕووخاوەکانی دامودەزگاکانی ڕژێمی بەعسیان لەبەر نەبوونی خانووبەرەو دەست کورتی‌کردووە بەجێگای ژیان،دەستپێکردووە!. دەڵێن٨٠ ماڵ لەحامیەکەچۆڵی کەن میلاکی حکومەتە!،ئەی‌بچن بۆ کوێ؟،جەنابی وەزیری مافی‌مرۆڤ دەڵێ‌خۆهاوینەبچنە دەرەوە!. دەڵێن دەبێ ٣٠٠٠ماڵ لەکانسپیکەچۆڵی‌کەن،چونکەزەوی کشت‌وکاڵیە!،ئەی ئەم نزیکەی١٢٠٠٠ ئینسانەبچن بۆ کوێ؟،وەزیری ناوخۆ دەڵێ لەبەر ئەوەی ئەو گەڕەکە شوێنی دایەنگاوبنکەی‌پۆلیس‌وپاركو ژینگەپارێزی تێدا ڕەچاو نەکراوە،دەیڕوخێنین!. دەڵێن دەبێ چەندین هەزار ماڵی قلیاسان چۆڵی کەن،دەیکەین بەشاری گەشتوگوزار!،ئەی خەڵکەکەی بچن بۆ کوێ؟،جەنابی سەرۆکی شارەوانی سلێمانی دەڵێ،ئێوە چۆڵی کەن مشورێکتان دەخۆین!. ئەوا فلان‌وفلان پیاوماقووڵانی شار زەوی‌یەکانی کۆستەی‌چەم‌وعەواڵیان کڕیووەو دەبێ بەم زووانە خەڵکەکەی چۆڵی بکات!.

بەڕاستی دەسەڵاتدارانی ئەم شارە ڕوویان زۆر قایمە،هەرچی کۆشك‌وتەلاری جوان لەم شارەداهەیە بۆخۆیان داگیریان کردووە!،ڕیزە دوکان‌وپاڵاس‌وکۆمپانیا نیە یان نەیان کڕیبێ یان تیایدا شەریك نەبن!،ئێستا سەرمایەکانیان بەملیۆنەها دۆلارحیساب دەکەن!،چەندین پڕۆژەی گەورە گەورەیان لەسەر پارووی دەمی خەڵك لەئەوروپا بەگەڕخستووە!. ئەمە بەچی؟،لەکوێوە ئەم هەموو سەرمایەیە بەیەکەوە نرا؟!. بەهەرحاڵ هەمووان سیستمی زاڵمانەی سەرمایەداری دەناسین‌وپێی ئاشناین!،بەڵام ئاخر خۆئەویش لەهەوادا نیەوسەرئەنجام قانوونمەندیەکی‌خۆی هەیە بۆ کەڵەکە بوون. هەرگیز وانییە کاتێك حزبێکی بۆرژوازی دەسەڵاتی سیاسی دەگرێت،بەو خەڵکە بڵێت هەموو داهاتی کۆمەڵگا بۆمن‌و ئێوەش دانیشتوان بڕۆن بمرن!،بەهەرحاڵ‌سەرئەنجام یاسایەك بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگاو ژیانی خەڵك دادەنێ،باش یان خراپ ئەوەشتێکی‌ترە،ئەمانە ئینسان نازانێ بڵێ لەچ جنسێکن!،باوەشیان کردووە بەهەموو سەروەت‌وسامانی ئەم کۆمەڵگایەداو تەنانەت ئەوەندەنادەن بە بەڕێوەبەرانی ئیدارەکەی خۆشیان تا زیندوو بمێننەوە!. دەڵێن ژیان بۆ ئێمەوکەسوکاری نزیکی خۆمان‌ومەرگیش بۆخەڵك!. ئەوە چەند ڕۆژێکە وەك شاری (جەنین) ی فەلەستین،هێزەکانی‌حکومەتی ئەزموونی ساوای گەلەکەمان!،دەوروبەری گەڕەکی کانیسپیکەیان گەمارۆداوە،تا ئێستا زیاتر لە١٨٠ کرێکاری بیناسازی‌یان دەستگیر کردووە کەبۆ کارچوون بۆ ئەو گەڕەکە!،هەرکەسێك خەڵکی ئەو گەڕەکە بوو بێت یان نا،دوو کیلۆ خەیاری پێ بووبێت گرتوویانەو تەعەهودی ئەوەیان پێ‌پڕکردۆتەوە کە جارێکی تر ناچێتەوە بۆ ئەو گەڕەکە!،جگە لەوەی ئەو گەڕەکە کارەباوئاوو ئاوەڕۆو ڕێگاو بان‌و هیچ جۆرە خزمەتگوزاریەکیان نیە!،لەم لایشەوە ئەو تەنکەرەئاوانەی کە ئاوی خواردنەوە دەبەن بۆ ئەو گەڕەکە هاتوچۆیان بۆ ئەوێ قەدەغەکردوون!،هەمان ئەم هێزانە چوونەتە سەر گەڕەکی حامیەکە بەمەبەستی بڕینی ئاوی خواردنەوە بۆ

ئەوەی ناچاریان بکەن چۆڵی بکەن،ئەوانیش بەبەرد ڕاویان ناون!. ئەم نەخشەیە بۆ چۆڵ کردن،ئەوەی حزبی کۆمۆنیستی هێنامەوە یاد،کەلەسەرەتاوە،ئاویان لێبڕین،پاشان کارەباو تەلەفۆن،ئینجا هێرشی چەکداری!.

## خەڵکی (کانیسپیکە وقالاوە و قلیاسان و حامیە و. . . . . .) ی دەست تەنگوبێ خانەولانە!.

ئێوە دەزانن ناکرێ‌ونابێ لەژێر هیچ بەهانەیەکدا،ئێمەلەووڵاتی‌خۆماندابێ خانەولانەو ئاوارە بین،ئەوملیۆنەها دینارەی کەمانگانە دەیکەن بەقوڕگی تیرۆریستانی ئیسلامی‌و ئەحزابی بەکرێگیراوو بێ‌خێری تورکماندا، دەکراو دەکرێ سەد جار کێشەی بێ‌خانووبەرەی پێ چارەسەر بکرایە!. هێشتنەوەی دەیان هەزار خێزانی خەڵکی ئەم ووڵاتە بەبێ جێگایەکی گونجاو بۆ ژیان‌و خستنەپشتگوێ‌ی، گەورەترین تەجاوزە بەمافەسەرەتاییەکانی‌ژیانی‌خەڵك لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە!. کێ هەیە لەئێوە حەز بەوە بکات خانووەکەی لەجێگایەکی دوورە دەست بێت‌و لەسەر ستانداردی هەندەسی دروست نەکرابێت؟. کام یەك لەدەسەڵاتدارانی ئەم شارە هەیە،لانی کەم خانووەکەی یەك ملیۆن دینار کەمتر نرخەکەی بێت!. بۆچی دەبێت لەوان عادەت بێت‌و لەئێمە عیبرەت ؟!.

خەڵکی کانسپیکەوقالاواوقلیاسان‌وحامیەوکۆستەی چەم‌وعەواڵ‌و کوێ‌و کوێ یەك کێشەو یەك داواتان هەیە،ڕێکخرابوون‌ویەکخستنی ڕیزەکانتان،یەکخستنی قسەو داواکانتان،مەرجی سەرکەوتنتانە. دەبێ هوشیاربن بەدانی چەند خانوویەك بەهەندێکتان، زەفەر بەڕیزی یەکگرتوو ڕێکخراوتان نەبەن. یەك دەنگ داوا بکەن ئێمە خانووبەرەی شیاو وەك خانووەکانی خۆتانمان دەوێ. داوا بکەن ڕێگا لە کرێکارانی هاوچارەنووستان لەبیناسازی‌وچیمەنتۆی سەرچنارو تاسڵوجە نەگرن تا بێن‌و خانووەکانتان بۆ دروست بکەن،ئەگەر هەندەسی نیە چاکی بکەن بۆتان،ئەگەر کۆڵانەکانی قەناسە ڕێکی بکەنەوە بۆتان،ئێمە هەموومان خەڵکی ئەم ووڵاتەین‌و هەموو هەقمان هەیە لەجێگایەکی گونجاودا بژین.

## جەماوەری‌دەست تەنگی‌شاری‌سلێمانی!

ئێوەش سەدان هەزار خێزانن‌و بەدەست کرێنشینی‌یەوە گیرتان خواردووە،٣٠ساڵە مامۆستان‌وتەواوی کەلوپەلی زەرووری ماڵەکەتان لەمنداڵەکانتان شاردەوەو بردتان فرۆشتتان تا زیندوو بمێننەوە!،٢٠ساڵە لەژێر کاری سەختی بیناسازی‌دا پشتتان دەچەمێتەوەو دووهۆدەخانووتان نیە!،٢٥ ساڵە فەرمانبەرن‌و مانگانە سەد جار خاوەن خانوو ئارەقەی شەرمەزاری بۆ کرێ خانوو بە نێو چاوانتانەوە ووشك دەکاتەوەو شەخسیەتی ئینسانیتان دەشکێنێ!،کرێ‌ی سەرسوڕهێنەرو پێشەکی بێبڕانەوەی خانوو ناهێڵێ بەئارامی لەگەڵ هاوسەرو منداڵەکانتاندا بۆ ساتێك چاوتان بچێتەخەو!. ئێوەش خەڵکی ئەم شارەن،ئێوەش شاری خۆش‌و لێوی بەبزەو دەم بەخەندەو خەڵکی بێ ژانتان دەوێ!،ئێوەش ئەڵقەی خواستی پێدانی خانووبەرەی گونجاوتان لەئەڵقەی خەبات‌و خواستی خەڵکی کانیسپیکەوقالاواوحامیەوکۆستەی چەم‌وعەواڵ‌و باقی شوێنەکانی تری کوردستان گرێ بدەن،ئەمە خواستی سەراسەری دەیان هەزار ئینسانی بێ خانەلانەودڵ پڕ لەهیوای ئەو ووڵاتەیە. بەهەر جۆرێك بۆتان دەکرێ پشتیوانی خواستەکانیان بکەن‌و پشتیان چۆڵ مەکەن،ئێمە بەتەواوی توانامانەوە پشتیوانیتان دەکەین‌و لەناوەوەو دەرەوەی کوردستان ناهێڵین بەتەنیا بن

**بژی خەبات‌و تێکۆشانی خەڵکی کوردستان بۆ دابینکردنی خانوو بەرەی گونجاو بۆ هەمووان.**

٢٠٠٢/٦/٢٨

www.kurdistannet.org